گوزارشی کۆبونەوەی هاوبەشی ئەحزابی ئەندام لە

ناوەندی هاوکاری کورد لە سویس

هەروەك ئاگادارن ئەحزابی سیاسی کورد لە سویس لە چەند ساڵ لەوەو پێشەوە بۆ وەڵام دانەوە بە پێویستی هاودەنگی و هاوکاری هەمە لایەنەی ئەحزابی سیاسی لەهەمو پارچەکانی کوردستان ناوەندی هاوکاری کوردیان پێك هێنا .

ئەم ناوەندە کە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەحزابی سیاسی کوردی تێدا ئەندامە لە دەورەی ڕابوردو دا بە هۆی هەندێ گرفتەوە لاواز ببو. بەو پێیە لە چەند مانگی ڕابوردو دا هەوڵێکی هەمەلایەنە بۆ وەگڕخستنەوە و بوژانەوەی کار و ئەرکەکانی ناوەند وەڕێ خرا. لە ئاکامی ئەم هەوڵانە دا ڕۆژی 2003.11.30 لە شاری بێڕن کۆبونەوەیەکی گشتی بە بەشداری ئەحزابی ئەندام بەڕێوەچو کە ئەرکی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی چوارچێوەی ناوەندی پێ سپێردرا.

کۆبونەوە کە لە فەزایەکی گەرم و دۆستانەدا بەڕێوەچوو دوای چەند سەعات باس و لێ کۆڵینەوەی ورد سەرئەنجام بە تێکڕای دەنگ بڕیار لە سەر چۆنیەتی بەڕێوەچوون و ئیدارەی داهاتوی ناوەند درا و هەروەها بە پێی زەرورەت گۆڕانکاریەك لە پەیرەو و پرۆگرامە کە ی دا بە ئەنجام گەیشت کە دوای تایپ و ئامادەکاری بڵاو ئەکرێتەوە. لە لایەن کۆمیتەی کۆمەڵە لە سویس هاوڕیان: خالد حسین زادە ، میرزا مراد مرادی و حسن محمدی بەشداری کۆبونەوەکە بون . شایانی باسە ئەحزابی ئەندام لەم ناوەندەدا بریتین لە :

1- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
2- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
3- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
4- حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق
5- ڕێکخراوی سوسیالیستی کوردستان - تورکیە
6- پارتی یەکیەتی کورد لە سوریە
7- پارتی یەکیەتی دیموکراتی کورد لە سوریە
8- حیزبی دیموکراتی کوردستانی سوریە
9- پارتی سوسیالیستی کوردستان - تورکیە (PSK)

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

(کۆمیتەی سویس) 7 دێسامبر 2003